٢٠١٩

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

بڵاوکراوەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەتە بە چالاکیەکانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان — کانونی یەکەمی ٢٠١٩ز


## ڕاپۆرتی گشتی ساڵانەی کارو چالاکیەکانی

# یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

## ٢٠١٩/١/١ – ٢٠١٩/١٢/٣١

**بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان**

لەدوای کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی زانایان، هەوڵو کۆششەکان بە ئاراستەی درێژەدان بە ڕێڕەوی کاری پیشەیی بە نەفسێکی تازەو کارنامەیەکی هاوچەرخ و نوێ دەستی بە کارەکانی خۆی کرد، ئەو ستافە تازەیەی لەناو هەیکەلی یەکێتی زانایان هەر لە مەکتەبی تەنفیزیو سەرکردایەتی تا لقو ناوچەکان، ڕۆحێکی تازەتریان کردەوە بەر کارو هەنگاوەکانەوە.

ئەوەی مەبەستە لێرەدا زیاتر تەرکیز خستنە سەر چەند لایەنێکی گرنگو پەیوەست بە قۆناغەکەو بارودۆخی ناوچەییو کاری ڕێکخراوەیی لە ماوەی یەك ساڵی ڕابردوو، تا ئەوەی کراوە بەرچاو بخرێو وەك ئەزموون وەرگرتنیش هاندەرێك بێت بۆ ئایندەی کارو ئامانجەکان.

دەکرێ لەو سۆنگەوە بەپێی پۆلێنو نەخشەی پیشەیی ئاماژە بە هەندێ کارو هەنگاو و چالاکی گرنگ بکەین و لەم چەند پەرەگرافە بیخەینە ڕوو

**ڕاگەیاندنی یەکێتی زانایان**

**سەرۆکی یەکێتی زانایان:**

**زانایان ڕەمزی ئاشتی و دڵسۆزی ئایین و نەتەوەو نیشتمانن بۆیە هەموو هەوڵێك بۆ خزمەتکردنیان دەدەین**




























## یەکەم: لەرووی پێداچوونەوەو رێکخستنەوە




١_ سەردانی کردنی سەرجەم لقەکانی یەکێتی زانایان بەمەبەستی داڕشتنەوەو سەر لە نوێ رێکخستنەوەیان بەپێی ئالیەتو بەرنامەو رێنمایی پەسندکراوی کۆبوونەوەی سەرکردایەتی یەکێتی زانایانو مەکتەبی تەنفیزی.

٢_ کردنەوەی لقی هەڵەبجەی یەکێتی زانایان وەك پێویستیەکی ناوچەکە بۆ خزمەتی مامۆستایانی ئایینی سنوری پارێزگای هەڵەبجەو سازکردنی مەراسیمێکی تایبەتو ئەنجامدانی رێکاری پێویست بۆ ئەو مەبەستە.

٣_ دیراسەکردنی مانگانەی ڕاپۆرتی سەرجەم لقەکانی یەکێتی زانایانو وڵامدانەوەیانو رێکخستنی کارو بارەکانیان و بەدواداچوونی کارو چالاکیەکان.

٤_ دروستکردنی ناسنامە بۆ پتر لە(٩٤٥) ئەندام بۆ سەرجەم لقەکانی یەکێتی زانایانو رێکخستنەوەی فۆڕمی ئەندامێتی و پێداچوونەوە بە زانیاریەکان.

٥_ ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەك بۆ بەرپرسی رێکخستنی سەرجەم لقەکان لە بارەگای مەکتەبی تەنفیزیو لە ئەستۆگرتنی تێچووی کۆبوونەوەکە، بەمەبەستی پێدانی رێنمایی پێویست لەبارەی کارەکانەوە.

٦_ ئەنجامدانی کاری پەیوەست بەو مامۆستا بەرێزانەی وەفاتیان کردووەو ژمارەیان بریتی بووە لە (٢٦) مامۆستا، بۆ هەر یەکێکیشیان بەناوی یەکێتی زانایان پرسە نامە ئاراستەی خانەوادەو کەسو کاریان کراوە، ئەمە وێرای ئاراستەی کردنی پرسە نامە بۆ زانایانی ئاینی لە کاتی مردنی کەسە نزیکەکانیان.

٧_ ئەنجامدانی (١٧) کۆبوونەوەی مەکتەبی تەنفیزیو (٩) کۆبوونەوەی سەرکردایەتی، وە ئاراستەکردنی ئەو رێنمایی و بریارو راسپاردانەی لە کۆبوونەوەکان پەسند کراون بۆ سەرجەم لقەکانی یەکێتی زانایان.











## دووەم: لەڕووی پەیوەندیەکان و هەماهەنگیو بەشداری کۆنگرەو کۆنفرانسەوە

لە ماوەی رابردوو هەوڵ دراوە وەك ئەرکێکی هەمیشەییو پیشەیی، پەیوەندیەکانی یەکێتی زانایان بەرەو ئاستێکی باش ببرێت، لەو چوارچێوەوە ئەوەی کراوە بریتی بووە لەو هەنگاوانەی خوارەوە:



١_ هەوڵ دراوە پەیوەندی لەگەڵ دامو دەزگا حکومیو حزبیو رێکخراوەکان دروست بکرێ، بە ئامانجی ئەوەی بتواندرێ کارو دەرفەتی هاوبەش بۆ خزمەتی زانایانو رەوشی گشتی برەخسێندرێت.

٢_ سەردانی زۆرێك لە دەزگا حزبیو حکومیو دەزگاو ناوەندە ئەکادیمیو رۆشنبیریو پیشەییەکان کراوەو وەك نوێنەرایەتی زانایان پەیامی یەکێتی زانایان لەسەر پرسو باسە گەرمەکان گەنگەشەو گەیێندراوە.

٣_ بەشداری زۆرێك لە کۆڕو سیمینارو کۆنفرانسی ناوخۆییو دەرەوە کراوەو، لە بەشێکیان وتاری یەکێتی زانایان خوێندراوەتەوەو هەڵوێستی زانایان بۆ لایەنی پەیوەندارو رای گشتی روون کراوەتەوە.

٤_ پێشوازی لەهەردوو کۆنسوڵی گشتی (فەڵەستین)و (فەرەنسا) کراوەو کۆمەڵێك پرسی نێوان هەردوولا تاوتوێ کراوەو راشکاوانە هەڵوێستەکانی یەکێتی زانایان خراوەتە روو.

٥_ لەماوەی رابردوو ٣٥ کەس لەرێی یەکێتی زانایانەوە بەشداری خولە زانستیو رۆشنبیریەکانی دەرەوەی عیراق کراوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

| ز | مەبەست | بەروار | ولات | ژمارە | ماوە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | خولی وەزارەتی ئەوقافی ئوردەنی (خولی زانستی و نێودەوڵەتی شرۆڤەی (رسالة عمّان) | ١٤-٤-٢٠١٩<br>١٤-٧-٢٠١٠<br>١٤-٤-٢٠١٧<br>١٥-١٢-٢٠١٩ | شانشینی ئوردەن | ٨ بەژدار بوو ، بۆ هەر خولێك ٢ بەژدار بوو | هەر خولێك ١٠ رۆژ |
| ٢ | خولی سەنتەری ئیمامی شافیعی | ٦- ٤- ٢٠١٩ | شانشینی ئوردەن | ٣ بەژدار بوو | یەك هەفتە |
| ٣ | خولی چوارەمی ئەزهەر | ١٦-١١- ٢٠١٩ | میسر | ٢٤ بەژدار بوو | ٢٨ رۆژ |
| | | | کۆی گشتی | | ٣٥ کەس |

٦_ پێشوازی کردن لە بەرێز علاء الربیعی نوێنەری مەجمەعی عالەمی تەقریبی ئیسلامیو شاندێکی یاوەری بەرواری ٧ی١ی٢٠١٩.

٧_ بەژداری کردن لە کۆنفرانسی (پێکەوەژیان لە پێناو ژیانێکی باشتر) لە هوتێل شیراتۆن لە شاری هەولێر بەرواری ١٠ی٤ی٢٠١٩.

٨_ کردنەوەی خولێکی دوو رۆژە بۆ ژمارەیەك مامۆستای ئایینی سنووری لقی هەولێری یەکێتی زانایان بەرواری ٢٢ی٦ی٢٠١٩.

٩_ بەرواری ٩ی٧ی٢٠١٩ پێشوازی شاندێکی باڵای ئەنجومەنی زانایانی عیراق کە پێکهاتبوو لە د. محمود عبدالعزیز ئەلعانی سەرۆکی ئەنجومەنی زانایانی عیراقو د. منیر ئەلعوبەیدی ئەندامی ئەنجومەن.

١٠_ رۆژی ٢٥ی٧ی٢٠١٩ لەبارەگای مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان پێشوازی لە شاندێکی کەسایەتی سەڵتەنەی عومان کرا.

١١_ پێشوازی کردن لە شاندێکی باڵای مەجمەعی فیقهی گەورە زانایانی عیراق بۆ دەعوەو فەتوا، کە پێکهاتبوو لە بەڕێز د. سالح حەمودی سەرۆکی شاندەکەو ژمارەیەك لە ئەندامانی دەستەی باڵا، لەبەرواری ٩ی١٠ی٢٠١٩.

١٢_ ڕۆژی ١٨ی٨ی٢٠١٩ بە مەبەستی ئاشتکردنەوەو ڕێگرتن لەدروستبوونی درزو دووبەرەیی پرۆسەی ئاشتکردنەوە بۆ هەردوو بەڕێز مامۆستا مەلا فاتح شارستێنی و مامۆستا مەلا هەڵۆ حەمە رەشید ئەنجام درا.

١٣– بەشداری کردنی سەرۆکی یەکێتی زانایان لە ٢٠١٩/١٢/١٥ لە دیداری دیالۆکی هەولێر– نەجەف.

١٤– ڕۆژی ٢٠١٩/١٢/١٧ پێشوازی کرا لە ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی شورای زانایانی عیراق و شاندی یاوەری.



















## سێیەم: لەرووی فەتواو روونکردنەوەی شەرعی



لەدوای کۆنگرەی شەشەمەوە یەکێ لە کارە ئەولەویەکانی یەکێتی زانایان، بایەخدان بووە بە پرسی فەتواو رێکخستنەوەی ئەنجومەنی باڵای فەتواو لێژنەکانی فەتوا لەسنوور لقەکانەوە، بۆ ئەو مەبەستە ئەو هەنگاوانە ئەنجام دراون:

١_ رێکخستنەوەی ئەنجومەنی باڵای فەتواو زیاد کردنی ژمارەی ئەندامان و گۆڕینی ناوەکەی لە (لێژنەی باڵای فەتوا) بۆ (ئەنجومەنی باڵای فەتوا)و دانانی وتەبێژو بڕیاردەر بۆ ئەنجومەنی ناوبراو.

٢_ کردنەوەی نوسینگەی باڵای فەتوا لە شاری سلێمانی بە ئامانجی خزمەت کردنی بواری فەتواو پرسەکانی پەیوەست بە ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە سنوری سلێمانیەوە.

٣_ ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی پەیڕەوی گشتی ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە هەرێمی کوردستان (المنهج العام للفتوى في اقليم كرودستان)و دابەشکردنی بەسەر لقەکانی یەکێتی زانایان.

٤_ سازکردنی کۆبوونەوەیەکی فراوان بۆ بەرپرسی فەتوای سەرجەم لقەکانی یەکێتی زانایان لە بارەگای مەکتەبی تەنفیزی، بە مەبەستی پێدانی زانیاری و رێنمایی و یەکخستنی فەتواو رەچاوکردنی تایبەتمەندیەکانی فەتواو پێدانی کلێشەی تەواوی سەرجەم بوارەکانی پەیوەست بە فەتوا.

٥_ وەڵامدانەوەی سەرجەم ئەو نووسراوانەی ئاراستەی ئەنجومەنی باڵای فەتوا کراون، لەگەڵ وەڵامدانەوەی راپۆرتی پەیوەست بە فەتوا کە لەرێی لقەکانەوە ئاراستە کراوە.


٦_ دەرکردنی (١٩) فەتوای فەرمی و گشتی لەلایەن ئەنجومەنی باڵای فەتواو بڵاوکردنەوەیان لە ماڵپەڕی فەرمی.

٧_ وەڵامدانەوەی پرسیارو وەڵامی شەرعی هاوڵاتیان کە لە سایتی زانایان ئاراستەی ئەنجومەنی باڵای فەتوا کراوە.











## پاشکۆ:

**ئاماری فەتواکانی ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە ماوەی نێوان ٢٠١٩/١/١ تا ٢٠١٩/١٢/٣١**

| ت | فەتوا | بەروار |
|---|---|---|
| ١ | حوکمی شەعی بانگ قبل الزوال | ٢٠١٩/٢/١١ |
| ٢ | حوکمی سەفەر کردنی ئافرەت بۆ حەج و عومرە | ٢٠١٩/٢/٢٤ |
| ٣ | حوکمی ڕاو کردنی نایاسایی | ٢٠١٩/٤/٢٤ |
| ٤ | حوکمی تەڵاقی تورە | ٢٠١٩/٥/٤ |
| ٥ | حوکمی گۆڕینی موڵکی وەقف | ٢٠١٩/٥/٤ |
| ٦ | حوکمی نیصابی زەکات و سەرفیترە | ٢٠١٩/٥/٤ |
| ٧ | حوکمی حیجاب | ٢٠١٩/٥/١٥ |
| ٨ | حوکمی پارەی وەرگیراو لە بری گوندی کۆڕی | ٢٠١٩/٦/٢٥ |
| ٩ | حوکمی زەکاتی جوتیاران | ٢٠١٩/٧/١٢ |
| ١٠ | حوکمی پسولەی ڕادەست کردنی گەنم | ٢٠١٩/٧/١٢ |
| ١١ | حوکمی حەجی تجاری | ٢٠١٩/٧/١٢ |
| ١٢ | حوکمی پارە لە بری حەوالەکردن | ٢٠١٩/٧/١٢ |
| ١٣ | حوکمی بەدەل حەج | ٢٠١٩/٨/٤ |
| ١٤ | حوکمی معاملە بە پارەی ٢٥ دیناری کۆن | ٢٠١٩/٩/٢٦ |
| ١٥ | حوکمی کۆمپانیاکانی دڵنیایی | ٢٠١٩/١٠/١٥ |
| ١٦ | حوکمی ڕاگرتن و گوشتنی سەگی هار | ٢٠١٩/١٠/٢٤ |
| ١٧ | حوکمی سپیکردنەوەی ئارد | ٢٠١٩/١١/١٩ |
| ١٨ | حوکمی سەرکەوتنی ئافرەت بە تەنها لە تاکسی | ٢٠١٩/١١/١٩ |
| ١٩ | حوکمی کورت کردنەوەی نوێژ بۆ قوتابیان | ٢٠١٩/١١/١٩ |

**رَبِّ اجْعَلْ هَـٰذَا الْبَلَدَ آمِنًا**

ڕادیۆی زانایان
FM 90.3
ماڵپەڕی زانایان
www.zanayan.org
تەلەفزیۆنی زانایان
گۆڤاری پەیامی زانایان
ڕاگەیاندنی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
www.facebook.com/ZanayanMedia
Email : mektebzanayan@gmail.com

## چوارەم: لەرووی راگەیاندن و رۆشنبیری و گەیاندنی پەیامەوە



یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بایەخێکی زۆری بە بواری راگەیاندن بەهەرسێ لایەنی بینراو و بیستراو و خوێندراو داوەو، پیشاندەری سەرجەم ئەو کارو هەنگاوو جموجۆڵە ئایینیو پیشەییو نەتەوەییانە بووە، لێرەوە بە کورتی ئاماژە بە هەندێ لەو هەنگاوانە دەکەین کە لەماوەی رابردوو کراوە:

١_ پێداچوونەوە بە بەشەکانی راگەیاندنو رێکخستنەوەیان بەشێوەیەکی گونجاو، دانانو پەیڕەو و ستراتیژی تایبەت بە راگەیاندنی یەکێتی زانایان.




٢_ رێکستنەوەی سایتی یەکێتی زانایان (zanayan.org) بەدیزاینو ستایلێکی نوێو ئەکتیڤکردنی بەشەکانی بەهەردوو زمانی کوردیو عەرەبی.

٣_ رێکخستنەوەی رادیۆی (دەنگی زانایان)و دانانەوەو گۆڕینی سەرجەم بەرنامەکانو دابینکردنی پێداویستیەکان.

٤_ داخستنی سەرجەم فەیسبووکەکانو کردنەوەی پەیجی فەرمی فەیسبووك بەناوی (زانایان میدیا)و بڵاوکردنەوەی سەرجەم ئەو شتانەی لە ماڵپەڕ بڵاو بوونەتەوە.

٥_ سازکردنی کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە بەرەوپێشبردنی راگەیاندنی یەکێتی زانایان بۆ بەرپرسی راگەیاندنی سەرجەم لقەکانی یەکێتی زانایان لەبارەگای مەکتەبی تەنفیزی، بە مەبەستی پێدانی رێنماییو یەکخستنو جوان ئەدا کردنی کاری راگەیاندنو دابەشکردنی ستراتیژو رێنماییو زانیاری کلێشەی تایبەت لەو بارەوە.

٦_ دەرکردنو بڵاوکردنەوەی پۆستەراتی پێویست بۆ یادو بۆنەکان (ساڵیاد، مەولود، سیمینارو بۆنەکان...هتد).

٧_ دەرکردنی (١٤) بەیاننامەی فەرمی لە بۆنە پیشەییو ئایینیو نەتەوەییو نیشتمانیەکانەوە.
















٨_ ئامادەکردن و دەرکردن و چاپکردنی چەند پەرتووکێك لەوانە:

- تویێشووی ڕەمەزان
- پەیڕەو پرۆگرامی یەکێتی زانایان
- پەیڕەوی گشتی ئەنجومەنی باڵای فەتوا
- چەمکی جاهیلیەت
- چەمکی خیلافەتی ئیسلامی
- هەڵوێستی ئیسلام بەرامبەر کردەوە خۆکوژیەکان
- حەرامێتی بە کافرکردنی خەڵك و دەرهاوێشتەکانی

٩_ ڕێکخستنەوەو ئامادەکردنی وتاری هەینی هەفتانەو بڵاوکردنەوەی لەسایتی فەرمی، وە سازکردنی یەکەم کۆبوونەوەی تایبەت لەمەکتەبی تەنفیزی لە ٤ی٩ی٢٠١٩، وە تا ئێستا ١٥ وتار ئامادەکراوەو بڵاو بۆتەوە.


١٠_ سازکردنی سیمینارێك لەهۆڵی زانایان لەژێر دروشمی ( چۆن مامەڵە لەگەڵ واقعو پێشهاتەکان بکەین).

١١– ئەنجامدانی مەراسیمی ٤٩ ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی زانایان لە ٢٠١٩/٩/٢٢.

١٢– ئەنجامدانی مەراسیمی ڕێزلێنان بۆ بەشدار بووانی خولی ئەزهەر ٢٠١٩/١٢/٢٣.










## پێنجەم: لەرووی دارایی و هاوکاریەوە

لەماوەی رابردوو لەگەڵ ئەوەی لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی پێداچوونەوە بە نەسریەی مانگانەی یەکێتی زانایان کرا، لەهەمان کات بەردەوام بەپێی ئەو دەستەلاتەی دراوەتە مەکتەبی تەنفیزیو ئەو ئیمکانیەتەی هەبووە، هەوڵ دراوە بەپێی پێویست لەرووی ماددیەوە یەکێتی زانایان چەند کارێك بکات لەوانە:





١_ رێکخستنی نەسریەی مانگانەی تەنفیزیو ئەنجومەنی باڵای فەتواو سەرکردایەتیو سەرجەم لقو ناوچەکان.

٢- زیاد کردنی رێژەی ٥ تا ١٠ ٪ بۆ سەرجەم دەرماڵەکانی یەکێتی زانایان.

٣_ خەرج کردنی زیاتر لە (٣٨ ١٤٤ ٥٠٠) دینار، جگە لە نەسرییەی مانگانە وەك هاوکاری بۆ پڕ کردنەوەی کەم کورتی خەرجی مەکتەبی تەنفیزی و سەرجەم لقەکان، بەم شێوەیەی خوارەوە:

- بری ( ١٣ ٩٧٥ ٠٠٠ ) لە خەرجی چالاکیەکانی مەکتەبی تەنفیزی سەرف کراوە.
- بری (٢٤ ١٦٩ ٥٠٠ ) وەك خەرجی جۆراو جۆرو هاوکاری و پێویستی بۆ لقەکان سەرف کراوە.

٤_ کڕینی چەندین کتێب بۆ کتێبخانەی یەکێتی زانایان کە بەشی هەرە زۆریان پەیوەست بوون بە بواری فیقە و فەتوای سەردەمو تەفسیرو بوارەکانی تر.

















## شەشەم: لەڕووی ئیدارەو کارگێڕیەوە

هەوڵ دراوە کارەکان بە شێوەیەکی گونجاو بەڕێوە ببرێن، لەو بوارەدا کار لەسەر ئەم هەنگاوانە کراوە:

١_ ئەرشیف کردنی سەرجەم نووسراوەکانی پەیوەست بە کارەکانی یەکێتی زانایان و تۆمارکردنی نوسراوەکان.

٢_ وڵامدانەوەی سەرجەم ئەو نووسراوانەی لەلایەن داموو دەزگا حکومی و حیزبی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و لایەنەکان ئاراستەی یەکێتی زانایان کراون، کە خۆی لە زیاتر لە ١١٠٠ نووسراو دەبینێتەوە.

٣_ ڕێکخستنی کارو بارەکانی ڕۆژانەی پەیوەست بە مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان.

٤_ ڕێکخستن و چاکردنەوەو پڕکردنەوەی بەشێکی پێداویستیەکانی ناو بارەگای یەکێتی زانایان و دروستکردنی کەپر لە شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێلی ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی.

٥_ دابەشکردنی زیاتر لە ٦٠٠ نوسخەی کتابی (دەورەی صەلابی) بەسەر لقەکان و لێژنە ناوچەکان و لێژنەکانی فەتوای یەکێتی زانایان.













## حەوتەم: پرۆژە پێشنیارو توێژینەوە

ئەمەیان بە نیسبەتی کاری پیشەیی یەکێتی زانایانەوە هەنگاوێکی جێی بایەخ و گرنگ بووە، بۆیە یەکێتی زانایان هەوڵی داوە لەو بوارانەی پێویست بووبێ قسەی تێدا بکات و، پێشنیارو هەڵوێستی خۆی لەسەر دەربڕێت کاری کردووە، بەشێکی ئەو هەنگاوانەی کە دەرکرێ وەك پرۆژە پێشنیاری یەکێتی زانایان ناوبرێن بریتیە لەو کارانەی خوارەوە:





١_ لەبەرواری ٢٣ی١ی٢٠١٩ بەپێی نوسراوێکی فەرمی یەکێتی زانایان داوای نەهێشتن و راگرتنی سەرجەم سایتە سێکسیەکانی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان کردو نووسراوەکەی ئاراستەی (سەرۆکایەتی داواکاری گشتی)و (وەزراەتی گواستنەوەو گەیاند) کرد.

٢_ بە مەبەستی بەخشینی ئیمتیازات بەدەرچووانی خوێندنی ئیسلامی پۆلی شەش، یەکێتی زانایان بە نوسراوێك داوایەکی ئاراستەی وەزارەتی خوێندنی باڵا کرد، لەوڵامدا وەزارەتی ناوبراو لە بەرواری ٩ی٧ی٢٩٠١٩ بە ژمارە (١٠١٢٣) وڵامی یەکێتی زانایانی دایەوەو بڕیاریدا بەشێکی قوتابیانی پۆلی دوازدەی قوتابخانە ئیسلامیەکان لەبەشێك لە کۆلێژەکانی دیکە وەربگیرێن.

٣_ لە بەرواری ٢١ی٧ی٢٠١٩ یەکێتی زانایان پرۆژە پێشنیارێکی بە ئامانجی چاککردنی خوێندنی ئیسلامی و پێداچوونەوە بە مەنهەج و باشترکردنی وانەی ئایینی و نەهێشتنی رۆتین لەناو ناوەندەکانی خوێندن، ئاراستەی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێم کرد.

٤_ رۆژی ٢٣ی٧ی٢٠١٩ شاندێکی مەکتەبی تەنفیزی بەمەبەستی گەیاندنی پەیامی زانایان و خستنەڕووی چەند رێنمایی و گفتوگۆی چەند پرسێك سەردانی وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمیان کرد.

٥_ لەبەرواری ٢١ی٨ی٢٠١٩ یەکێتی زانایان لە نوسراوێکی تایبەتدا پرۆژە پێشنیاری بوژاندنەوەی خوێندنی (حوجرە)ی ئاراستەی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی کرد.

٦_ رۆژی ٢٥ی٧ی٢٠١٩ بە مەبەستی تاوتوێکردنی کارنامەی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی شاندێکی باڵای یەکێتی زانایان لەگەڵ وەزیری ئەوقاف و ستاف وەزارەت کۆبویەوەو چەند پێشنیارێك خرایە ڕوو.

٧- ئاراستەکردنی چەند پێشنیازێك بەمەبەستی دەوڵەمەند کردنی لێژنە هەموارکردنەوەی دەستوری عیراق.






٨_ رۆژی ٦ی٨ی٢٠١٩ شاندێکی باڵای مەکتەبی تەنفیزی سەردانی بەڕێز د. ئارام محمد قادر وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیان کردو پرۆژە پێشنیارێکیان سەبارەت بە خوێندنی ئایینی لەئاستی زانکۆو خوێندنی باڵا ئاراستە کرد.

٩_ رۆژی ٢٧ی٨ی٢٠١٩ شاندێکی باڵای مەکتەبی تەنفیزی، بەمەبەستی گەیاندنی پەیامی یەکێتی زانایان سەبارەت بە پرۆژە یاساکانی پەرلەمانو ناکۆك نەبوونیان لەگەڵ بنەماکانی ئیسلام، سەردانی سەرۆکی پەرلەمانو هەردوو جێگری سەرۆکی پەرلەمانو سەرجەم فراکسیۆنەکانی پەرلەمانو ئەندامانی لیژنەی ئەوقافو کاروباری ئایینی لە پەرلەمانی کوردستان کرد.

١٠_ لەبەرواری ١٧ی٩ی٢٠١٩ لە نوسراوێکی فەرمیدا بۆ دەستەی وەبەرهێنانی هەرێم، یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان داوای کرد پرۆژەی نیشتەجێ بوون بۆ مامۆستایانی ئایینی جێبەجێ بکرێت.

١١_ رۆژی ٢٣ی٩ی٢٠١٩ لە نوسراوێکی فەرمیدا یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان داوای پێدانی نازناوی زانستی بۆ ئەو مامۆستا ئایینیە بەرێزانەی هەڵگری دکتۆراو ماستەرن کرد.

١٢_ لە بەرواری ٣٠ ی ١٠ ی ٢٠١٩ بەمەبەستی باشترکردنی کاروباری حەجو عومرە یەکێتی زانایان پرۆژە پێشنیارێکی ئاراستەی بەرێوەبەرایەتی گشتی حەجو عومرەی هەرێم کرد.



# پاشکۆ

ئاماری ئەو بەرێزانەی کە کۆچی دواییان کردووە لە ماوەی نێوان ١/١/ ٢٠١٩ تا ٢٠١٩/١٢/٣١

| ت | ناوی سیانی | بەروار | لق |
|---|---|---|---|
| ١ | مەلا عبدالكريم شارباژێری | ٢٠١٩/٢/١٦ | سلێمانی |
| ٢ | مەلا عبيدالله حسن سعيد | ٢٠١٩/٢ /٢٤ | خەلەكان/ سلێمانی |
| ٣ | مەلا قادر پیرۆمەری | ٢٠١٩/٣/٧ | حرير / شەقلاوە |
| ٤ | مەلا عبدالصمد باليسانی | ٢٠١٠/٣/٢١ | هەولێر |
| ٥ | مەلا ئەحمەد وەردی | ٢٠١٩/٤/٧ | چۆمان/ سۆران |
| ٦ | مەلا شەوكەت ردێنی | ٢٠١٩/٤/١٢ | دهۆك |
| ٧ | مەلا صديق محمد | ٢٠١٩/٤/٢١ | دۆكان/ سلێمانی |
| ٨ | مەلا عثمان گرافی | ٢٠١٩/٤/٢٢ | دهۆك |
| ٩ | مەلا ياسين مەلا صالح | ٢٠١٩/٦/١٤ | هەلەبجە |
| ١٠ | شێخ عبدالعزيز شوشی | ٢٠١٩/٦/٢٦ | ئاكرێ |
| ١١ | مەلا عبدالرحمن ماستاوەیی | ٢٠١٩/٦/٢٦ | هەولێر |
| ١٢ | مەلا أحمد إسماعيل محمود | ٢٠١٩/٨/٦ | چۆمان/ سۆران |
| ١٣ | مەلا حسن وەلزی | ٢٠١٩/٨/١٣ | هەولێر |
| ١٤ | مەلا أحمد عزيو جەرمەگا | ٢٠١٩/٩/٢٥ | سلێمانی |
| ١٥ | مەلا قاسم ئيلنجاغی | ٢٠١٩/١٠/٩ | كۆيە |
| ١٦ | مەلا جعفر محمد صديق | ٢٠١٩/١٠/٢٠ | سۆران |
| ١٧ | شێخ تاهير بەردەزەردی | ٢٠١٩/١٠/٣٠ | سلێمانی |
| ١٨ | شێخ عوسمان سيری | ٢٠١٩/١١/٢٢ | سلێمانی |
| ١٩ | مەلا عبدالخالق شوانی | ٢٠١٩/١٢/٤ | هەولێر |
| ٢٠ | مەلا بلال زراری | ٢٠١٩/١٢/٦ | هەولێر |
| ٢١ | مەلا سەردار سليم | ٢٠١٩/١٢/١٠ | سلێمانی / تاسلوجە |
| ٢٢ | مەلا خدر بۆلی | ٢٠١٩/١٢/١١ | هەولێر |
| ٢٣ | مەلا محمد بابكر قەلادزەیی | ٢٠١٩/١٢/١٥ | سلێمانی |
| ٢٤ | مەلا شجيع زراری | ٢٠١٩/١٢/١٦ | هەولێر |
| ٢٥ | ملا أحمد ئالوتی | ٢٠١٩/١٢/٢٣ | سلێمانی |
| ٢٦ | مەلا حسين خرابەدراوی | ٢٠١٩/١٢/٢٩ | هەولێر |




چەمکی
خیلافەتی ئیسلامی


هەنگاوەکانمان
لە یادی پڕ بەرەکەتی لەدایکبوونی
پێغەمبەرمان (الهادی البشیر)
صلی الله علیه وسلم


توێشووی رەمەزان
2019


چەمکی جاهلییەت


هەڕامێتی بەکافر زانینی
خەڵك و دەرهاوێشتەکانی


هەڵوێستی ئیسلام
بەرامبەر کردەوە خۆکوژییەکان


یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
مەکتەبی تەنفیزی
www.zanayan.org

# یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان

سەرپەرشتیاری گشتی

د. محمد نصراللّٰه هەورامانی

ئامادەکردنی:

**مەلا عبداللّٰه شێرکاوەیی**

بەرپرسی راگەیاندنی یەکێتی زانایان

Sherkaway83@gmail.com

## هـــــاوكـــاران

د.جـەعــفەر گــوانی

مـەلا ئـەمیر گـەردی

م. تەها شـەمسەدین


مالّپەڕی زانایان...................................... www.zanayan.org

فەیسبووك..................www.facebook.com/ZanayanMedia

پەیوەندی..........................E_mektebzanayan@gmail.com

ناونیشان: کوردستان – هـــــەولێر_ بارەگای مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان- شەست مەتری بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان

